

# بورجی ئێفێل...یان بورجی ئیڤل

رزگار مستەفا

زۆر لەگۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوە کوردیەکان بابەتیان لەسەر بورجی ئێفێل بڵاو کردۆتەوە، بەڵام ئەم نوسینانە زۆر کورتبوون یان بەهیچ شێویەك باسی هۆکارو مێژووی دروستبوونی بورجەکەیان نەکردووە، بەڵکو بەچەند دێڕێك و هەندێ وێنە بابەتەکەیان بڵاو کردۆتەوە، بۆیە بەپێویستم زانی ئەم بابەتە بنووسم تا خوێنەری کورد زانیاریەکی لەسەری هەبێت، چونکە هەموو کەسێك لەسەرتاپای جیهانەوە هەوڵ ئەدەن سەردانی بکەن و وێنەی لەپاڵدا بگرن.

بورجی ئێفێل یەکەم جار بەبورجی ٣٠٠ مەتری بەناوبانگ بوو. هۆی دروستکردنەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فەرەنسا لەو سەردەمەدا لەباوردۆخێکی ئابوریی خراپدا بوو. حکومەتی فەرەنسا بۆ بوژاندنەوەی ئابوری وڵاتەکەی پێشنیاری کرد کە پیشانگەی جیهانی لەساڵی ١٨٨٩دا لەفەرەنسادا بێ، بۆ ئەوەی بوژاندنەوەی ئابوری مسۆگەر بکا. ئەمە هۆی یەکەمی بوو، هۆی دووەمیشی ئەوەبوو کە سەرۆکی پەرلەمانی فەرەنسا (ژویل فێری- Jules Ferry) ویستی بەبۆنەی یادی سەدساڵەی شۆڕشی فەرەنساوە سمبولێکی وڵاتەکەی بخاتەڕوو، ئەویش پرۆژەیەکی نموونەیی بێت، ئەم بورجەشی تەواوی ئەو مەبەستەی پێکا.

## کورتە ژیانی گوستاڤ ئێفێل
## Gustave Eiffel

ساڵی ١٨٣٢ لەشاری دیژۆن لەدایك بووە، ساڵی ١٨٥٥ قوتابخانەی هونەری و مانیفاکتۆرەی تەواو کردووە، بەڵام کاری گەورەی دروستکردنی پردی شاری بۆردۆ بوو لەساڵی ١٨٦١دا. کاری سەرەکیی ئێفێل بایەخدانی بوو بەماددەی ئاسن لەدامەزراوەکانی بیناو پردو بورجدا. بۆ ئەم مەبەستەش کارگەی دروستکردنی ئاسنی لەساڵی ١٨٦٧ لەناو گەڕەکێکی شاری پاریسدا دامەزراند. چەندین پردو کۆشك و بورجی بەناوبانگی لەفەرەنساو وڵاتانی تری جیهانیدا دروست کرد. گرنگترینیان ئەمانە بوون:

-بانکی کرێدی لیۆنی لەپاریس
-پردی گەورەی گانۆ
-پردی گەورەی تارد
- پردی گەورەی کیوبازاك
-گەورەترین پردی جیهانی لەسەر ئاوی دورۆ لەپۆرتۆگال کە ١٦٠م درێژ بوو.
-شوێنی پەیکەری ئازادی لە نیویۆرك دامەزراند.
-ساڵی ١٨٧٩ لەفەرەنسا پردی گارابی (Garabit) لەنێوان دوو گردا دروست

کـرد، کـە درێـژیـەکـەی ٥٣٤ مـەتـر و بەرزیەکەی ١٢٢م بوو.

-وێستگەی‌شەمەندەفەری(بۆدابێست) لە هەنگاریا.

ئەمەو چەندین پرۆژەی تری بەناوبانگ کە دیارترینیان بورجی (ئێفێل)ە لەپاریس لەساڵی ١٨٨٩)دا.

## پرۆژەی دروستکردنی بورجی ئێفێل

بـیرۆکـەی دروسـتکردنی بورجەکە لەساڵی ١٨٨٤دا سەری هەڵدا. فەرەنسا لەسەردەمی کۆماری سێیەمدا بوو، لەم ساڵانەدا فەرەنسا دوچاری قەیرانی زۆری سـیاسـی و ئـابـوری هـاتـبـوو، یـادی سەدساڵەی شۆڕشی فەرەنسا نزیك بوو، بۆیە خۆیان ئامادەکرد بۆ ئەنجامدانی پێشانگەیەکی جیهانی لەساڵی ١٨٨٩دا لە گۆرەپانی شام دومارس – Chames du Mars). و ویستیان بیسەلمێنن کە تەکنەلۆژیای فەرەنسا لە وڵاتانی تری جیهان و ئەوروپا پێشکەوتووترە، بۆیە بانگەشەی کێبرکێیەکیان کـرد بۆ دروستکردنی باشترین پرۆژە بۆ پێشانگەی جیهانی پاریس لەساڵی ١٨٨٩دا.

١٠٧ پـرۆژە پـێشکەش کـرا، بـەڵام لەکۆتاییدا پرۆژەکەی ئێفێل پەسەند کرا.

لەساڵی ١٨٨٤دا هـەردوو ئەندازیار مۆریس کۆشلین- ئێمیل نوگیە کە لەکۆمپانیای گوستاف ئێفێل کاریان ئەکرد. پرۆژەی بورجەکەیان نوسیوەو پێشکەشی ئێفێلیان کرد کە لەشەش نهۆم پێکهاتووەو هەریەکەی ٥٠ مەتر بەرزە، ئێفێل ئەم پرۆژەیەی لا باش نەبوو، بەڵام داوای لێکردن کە بـەردەوام کاری تیادا بکەن. پاشان ئارشیتێکت ئەندازیاری خانووبەرە، ستێڤان سۆڤێستر پرۆژەکەی دەستکاری کردو پێشکەشی ئێفێلی کرد، ئەمجارەیان پرۆژەکەی زۆر لا گرنگ بوو و بڕیاریدا کاری پێبکەن.

زیرەکی ئێفێل تەنها لەدروستکردنی بورجەکەدا نەبوو وەك ئەندازیارێکی کارامە، بەڵکو هەوڵدانی بوو بۆ ئەوەی حکومەت رازی بێت بەو پرۆژە گەورەیە کە پارەیەکی زۆری تێئەچێت. بۆ ئەمەش یەکەمجار توانی وەزیری پیشەسازی و بازرگانی (ئێدوارد لۆکروا) رازی بکات و ئەویش سـەرۆك وەزیـر، بودجەکەشی بریتی بوو لەیەك ملیۆن و پێنج سەد هـەزار فرەنکی فـەرەنـسی. مەرجی سەرەکیی ئەوەبوو کە ٢٠ ساڵی یەکەم گوستاف ئێفێل خاوەنی بورجەکە ئەبێت و پاشان ئەدرێتە شارەوانی پاریس.

ماوەی پرۆژەکە یەك ساڵ بوو، بەڵام لەدواییدا درێژکرایەوەو کارەکانی دووساڵ و دوو مانگ و پێنج رۆژی خایاند، (لە ٢٨-١-١٨٨٧ وە دەستی پێکرد، و لەرۆژی ٣١-٣-١٨٨٩ تەواو بوو).

لـەسـەر شوێنی کـارەکـە ژمـارەی کرێکارەکانی لە ٢٥٠ کرێکار تێپەڕی نەئەکرد، چونکە زۆربەی کارەکان لەناو کارگەی دروستکردنی ئاسن و پارچەکان بەئەنجام ئەگەیەنران، واتـە کارگەی گوستاف ئێفێل.

بەبەردەوامی ٥٠ ئەندازیار کاریان تیا ئەکرد، بەهەزارەها نەخشەی جیاوازیان بۆ هەموو پارچەکانی بەکار ئەهێنا. هەزارەها پارچە ئاسن و ملیۆنەها برغو بۆ بەستنی بورجەکە بەکار هێنراوە.

رۆژی ٣١-٣-١٨٨٩ رۆژی کردنەوەی بورجی ئێفێل بوو، ئەمەش گەورەترین پرۆژە بوو لەدنیادا کە لەو کاتەدا دروست بکرێت، لەلایەن سەرۆکی فەرەنساوە مـەدالـیـای زیـرەکـی و شـانـازی درا بەگوستاف ئێفێل و خۆشی یەکەم کەس بوو لەو رۆژەدا ئاڵای فەرەنسای لەسەر بورجەکە هەڵکرد.



گوستاف ئێفێل

## بەشەکانی بورجی ئێفێل

### بناغەکەی

لە ٢٨-١-١٨٨٧دا دەستی پێکردو لە ٣٠-٦-١٨٨٧دا تـەواو بـوو. بناغەکەی لەچوار پایەی گەورە (باکور – رۆژئاوا- رۆهـەڵات- باشور) پێکهاتووە. پایەکان زۆر قوڵن و هەریەکە لەژێر ٧ مەتردا چیمەنتۆ و شیشی زۆر دانراون. بەگشتی لە٣١ م دووجا خەنەك و ١٢,٠٠٠م دیوار پێکهاتووە. ژێرزەمینێکیشی هەیە بۆ دانانی ئامێرە پێویستیەکانی بورجەکە.

-نهۆمی یەکەم:

٥٧ م بەرزە، رووبەرەکەی ٤٢٠٠ م، ٣٠٠٠ کـەس ئـەگرێ. نـاوی ٧٢ کەسی بەناوبانگی فەرەنسی بەئاڵتوون نوسراون. لـەم نهۆمەدا ریستۆرانتێك و هەندێ تابلۆشی تیادایە.

### نهۆمی دووەم

١١ م بـەرزە. رووبـەرەکـەی ١٦٥٠ م دووجایەو نزیکەی ١٦٠٠ کەس ئەگرێت. ئەم نهۆمە باشترین شوێنە بۆ بینینی پاریس، ئەگەر تەمومژ نەبێت تا نزیکەی ٧٠ کم بەچواردەوری پاریسدا مەودای بینین بڕ ئەکا.

بەناوبانگترین ریستۆرانتی تیایە بەناوی (ژویل- هێرم)ە کە ٩٠ کەس کاری



١٨٨٧/٧/١٨



١٨٨٧/١٢/٧



١٨٨٨/٥/١٥

تیادا ئەکات. بۆ ئەوەی لەم ریستۆرانتە نان بخۆیت، پێویستە پێش یەك مانگ ناوت بنووسیت بۆ نان خواردنی نیوەڕوان و سێ مانگیش بۆ نانخواردنی ئێواران.

## نهۆمی سێیەم

٢٧٥ مەتر بەرزە، ٣٥٠ مەتر دووجایە و ٤٠٠ کەس ئەگرێت.

ئەم نهۆمە پێکهاتەکانی بۆ گەشتیاران قەدەغەیەو ئەبێت بە ئەسانسۆر سەرکەویتە سەرەوە.

لەم نهۆمەدا مۆزەخانەی گریتڤێن هەیە. ئێرە زیاتر شوێنی زانینی دەزگای کەش و هەوایە.

## نهۆمی سەرەوە

٣٢٤ مەتر بەرزە. هەندێك کەس بەنهۆمی چوارەمی ناو ئەبات، بەڵام ئەمە نهۆم نیە.

١١٦ ستۆدیۆ و ئانتێنی تەلەفزیۆن و رادیۆو تەلەفۆنی تیادایە.

## سەرکەوتن بۆ سەر بورجەکە

بۆ چوونە سەرەوە بۆ سەر بورجەکە بە ئەسانسۆر یان بە پلیکانەیە.

١٧١٠ پلیکانەی تیادایە. لەهەندێك شوێندا زۆر فراوانەو سەرکەوتنی ئاسانە. لەسەعاتێکدا ٢٠٠٠ کەس ئەتوانێ پیایدا سەرکەوێت.

لەهەر پایەیەکدا ئەسانسۆرێك هەیە لەسەعاتێکدا ٣٠٠٠ کەس ئەتوانێت پیایدا سەرکەوێت. واتە بە ئەسانسۆر و پلیکانەکاندا ٥٠٠٠ کەس ئەتوانن سەرکەونە سەر بورجەکە.

لەپێش دروستکردن و پاش تەواوبوونی بورجی ئێفێل زۆر لەنوسەران و هونەرمەندانی شاری پاریس (مۆپاسان، شارل گارنیە، ئەلیکسەندەر دیوما(کوڕ)، لکۆنت دو لیل) دژی دروستکردنی ئەم بورجە بوون. بەڵام ماوەیەکی کەم پاش کردنەوەی، جەماوەرێکی زۆری هەبوو. ئێستاش بۆتە سەمبۆلی پاریس و فەرەنسا.

بورجی ئێفێل، وا بڕیاربوو پاش تەواوبوونی پیشانگەی جیهانی، واتە پاش سێ مانگ لەکردنەوەی لەناو ببرێت. بەڵام ئێستا بووە بەیەکەم شوێنی گەشتیارانی دنیا، چونکە ساڵانە شەش بۆ حەوت ملیۆن گەشتیار سەردانی ئەکەن.

گرنگی ئەم پرۆژەیە لەوەدابوو سەرەڕای ئەوەی ١٢٠ ساڵ پێش ئێستا تەکنەلۆژیا زۆر دواکەوتوو بوو، بنیاد نرا، تەنها یەك کرێکاری تیادا مرد، ئەویش لەکاتی کارکردندا نەبوو.

ئەوەی شایانی باسە بورجی ئێفێل لەحەوت ملیۆن کیلۆ ئاسن پێکهاتووەو سێ ملیۆن نهۆمی یەکەم و چوار ملیۆنیش نهۆمەکانی تری.

گوستاڤی ئێفێل خۆی تاقیگەیەکی زانستی لەبەشی سەرەوەی بورجەکەدا دانابوو، ئانتێنی بەرزی لێبەستبوو کە بەرنامەی رادۆیی بۆ دانیشتوانی پاریس بڵاو ئەکردەوە.



١٨٨٩/٣/١٥



١٨٨٩/٤/٢٠